# نوێنەرانی ڕووتوقووتی کوردستان

**حەمەسەعید حەسەن**

(نووسین پیاسەیەک نییە بە ڕۆخی زەریاچەیەکی هێمندا، ڕۆییشتنە بە دەشتێکی مینڕێژکراودا.)

هەر کە من دەستم بە نووسین کرد، زمانێک هەبوو حازربەدەست، زمانێک کە سەدان ساڵ پێش لەدایکبوونی من، کەسانی دیکە پێی دەپیڤین و پێیاندەنووسی، ئیدی منیش دەبوو بۆ بەرجەستەکردنی قسەی (ناخ)م، هانا بۆ ئەو وشە و دەربڕینانە ببەم، کە بەسەر (زار)ی خەڵکەوە بوون. ساڵانێکە دەرکم بەوە کردووە، خۆم لە پاتەکردنەوەی ئەو (دەربڕین)انە بپارێزم، کە چەند زارێک، یان تەنانەت زارێکیشیان دیتبێت. هەنووکەش هەر بەو وشەگەلە دەنووسم کە نووسەرانی دیکە پێی دەنووسن، وەلێ هەوڵ دەدەم، وشەکان بە شێوازی نوێ بخەمە ڕستەوە و پێوەندییەکی (تازە) لە نێوان وشە (دێرین)ەکاندا بهێنمە ئاراوە.

ئەوی خاوەنی فیکر بێت، پێویستە خاوەنی زمانێکی باڵایش بێت، ئەوی خاوەنی فیکرێکی نوێ بێت، دەبێت خاوەنی زمانێکی نوێیش بێت. ڕۆشنبیر پاشکۆیەکی زەلیلی فیکرێکی دێرین نییە، فیکرێکی نوێی پێیە، ڕۆشنبیر پاشکۆیەکی زەلیلی دەسەڵاتدارێک نییە، خۆی دەسەڵاتدارە، دەسەڵاتی وی لە مەعریفەوە سەرچاوە دەگرێت.

پێوەندیی نێوان نووسەر و خوێنەر لە پێوەندیی نێوان کوڕە یان کچە (ئازا)کە و بینەر دەچێت، بۆیە پێویستە هەمیشە نووسەر (ئازا)یانە مامەڵە لەگەڵ زماندا بکات. نووسەر دەبێت لە بواری بە شێوازی تازە بەگەڕخستنی زماندا، نەک هەر ئازا، بەڵکوو سەرچڵیش بێت، ئەوە بۆیە من هەوڵ دەدەم بۆ گوتنی ئەو شتانەی بە حەقیقەتیان دەزانم، هانا بۆ مەجاز ببەم و گوێ نەدەمە ئەوەی دەبمە نیشانە بۆ تیری تانەی ئەوانەی هەست بە جیاوازیی نێوان حەقیقەت و مەجاز ناکەن.

نازانم کێشەی سەرەکیی ئێوە چییە؟ هی من نووسینە، بێ نووسین ژیانم هیچ مانایەکی نابێت و بڕوا ناکەم، بتوانم بێ نووسین بژیم. بۆچوونەکانم تا ناحەزی زێترم بۆ پەیدا بکەن، لە ڕاستی و دروستییان دڵنیاتر دەبم. نووسینی من کراسێک نییە پڕ بە بەری هەموو کەسێک بێت، ئاخر من بۆ هەموو کەسێک نانووسم، بۆ ئەو هەڵبژاردەیە دەنووسم کە خەون بە ژیانێکی جوانترەوە و دنیا لە گۆڕاندا دەبینێت. بانگەشە بۆ ئەوە ناکەم لە نووسیندا هەنگاوی گورج و درێژم هەڵێناوە، وەلێ لەوە دڵنیام، لەوساوە دەستم بە نووسین کردووە، بەردەوام بەرەو پێشەوە شەقاوم هەڵگرتووە، با هەنگاوەکانم سست و کورتیش بووبێتن. هێشتا (هەنگاوێک بۆ پێشەوە و دووان بۆ دواوە،) لە بنووسی ئەم دێڕانە ڕووی نەداوە.

وەک دەرکتان پێ کردووە، بەردەوام خەریکی ڕەتکردنەوەم، ئیدی ڕەتکردنەوەی فیکری ئەم نووسەر بێت، یان

بیروڕای ئەو سەرکردە. خەڵک وا ڕاهاتوون خۆیان لە شەڕ لا بدەن، وەلێ من بە دوای شەڕدا دەگەڕێم، ئەو شەڕانەی کە بە هەر نرخێک بێت و بە چاوپۆشین لەوەی چ ئەنجامێکیان دەبێت، هەر پێویستە بکرێن. تاقە ڕێسایەک کە هەمیشە ڕەچاوی دەکەم ئەوەیە، ئەوە خۆمم وەخت و شوێنی شەڕ دەستنیشان دەکەم، بریار لای خۆمە شەڕ لەگەڵ کام فیکر و کام لایەن دەکەم و وەل کام فیکر و کام لایەنی ناکەم. ئەو شەڕانەی دەیانکەم، پێویستیان بە چەکی بوێری و گوللەی ڕاستگۆیی هەیە، شوکر خامەم چەکێکە بوێر و پەیڤیشم گوللەی ڕاستگۆ. کورد بە چاو پۆشین لەوەی سەردەکەوت یان نا، دەبوو شەڕی بەعسی کردبا، شەڕەکانی من، لەو جۆرە شەڕە پێویست و پیرۆزانەن.

*

ئەوە ئاساییە ئیسلام سووک سەرنجی ژنان بدات، ئەوە سەیرە ڕێزیان بگرێت. لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، ژن عەورەتە و تەنیا ئەو وەختانە دەبێت خۆی نیشان بدات کە پیاو پێویستی بەوەیە چێژ لە جەستەی وەربگرێت، ئاخر خودای نێر، ژنی تەنیا بۆ ئەوە خوڵقاندووە کە چێژ بە پیاو ببەخشێت. لە کن ئیسلام ژن سەرچاوەی گوناهە، فریودەری پیاوە و ئەوە ژن بوو وای کرد، خودا پیاو لە بەهەشت دەر بکات. دەستوورێک پشتی بەو ئایینە ئەنتیژنە قایم بێت، ئاساییە سووک سەرنجی ژن بدات، پارادۆکس ئەوەیە، ڕێزی لێ بگرێت.

سەرهەڵدانی جەماوەرێکی بێباوەڕی ساویلکە، لە توانایدا نییە جێ بە ئیسلام کە پشتی بە جەماوەرێکی بڕواداری ساویلکە قایمە، لەق بکات. ئیسلامی سیاسی کە زادەی جەهلە، ئەوە تەنیا مەعریفەیە کە جێی پێ لێژ دەکات. بڕواداری ساویلکە کە هەستی کرد جێی پێ لێژ دەکرێت، هانا بۆ تیرۆر دەبات. ئیسلامی سیاسی چونکە ژنی پێ لاواز و سووکە، بە هووهاکێشان لە ژنی ئازاد و بە تەقاندنەوەی ئارایشتگەی ژنان، دەستی بە جیهاد، یان ڕاستتر بە تیرۆر کرد.

ئیسلامییەکان چونکە هیچ متمانەیان بە خۆیان نییە، هەموو کولتوورێکی نائیسلامی ڕەت دەکەنەوە و وای بۆ دەچن بە ئاشنابوون لەگەڵ کولتووری گەلانی نائیسلامیدا، کولتووری ئیسلام پیس و پۆخڵ دەبێت. ئیسلامییە ساویلکەکان چونکە تەنانەت بە کولتووری ئیسلامیش ئاشنا نین، ناتوانن هیچ لە کولتووری ئەوانی دیکەوە فێر بن. ئیسلامی سیاسی دژی هەموو ئەو بەها و دیاردە و بیروبۆچوونانەیە کە لە خۆرئاواوە سەریان هەڵداوە، هەر بەو پاساوەش دژایەتیی بیر و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد دەکات، ئاخر ناسیۆنالیزمیش هەر لە خۆرئاواوە سەری هەڵداوە.

* خودا بە جوبرەئیلدا دەقی قورئانی بۆ پەیامبەر دەنارد.

* خودا تەنیا بیرۆکەی بە جوبرەئیلدا بۆ پەیامبەر دەنارد و ئەوە پەیامبەر بوو، ئەو بیرۆکانەی لە چەند گوتە و دەربڕینێکدا بەرجەستە دەکرد، واتا: بیرۆکەکان هی خودا بوون و دارشتنەوەش هی پەیامبەر.

* بیرۆکەکان و گوتەکان لە داهێنانی خودی پەیامبەر بوون.

من ئەگەری سێیەمیانم بە لاوە پەسەندترە، ئەوە بۆیە هەر بەو ئاسانییەی ڕەخنە لە دیوانی مەحوی دەگرم، لە قورئانیشی کە دەشێت دیوانی محەممەد بێت، دەگرم. قورئان ئەگەر وەک بیرۆکە و گوتەش هی خودا بێت، هێشتا هەر لە سەرووی خوێندنەوەی نوێوە نییە، هەر هیچ نەبێت بە پاساوی ئەوەی بۆ ئەم سەردەمە (نازڵ) نەبووە.

وەک چۆن داهێنەری قورئان نێرە، ڕووی دەمی لە نێرە و لە خزمەتی نێریشدایە، پێشنووسی دەستووری عێراقیش چونکە لە قورئانەوە سەرچاوەی گرتووە، هەر هەمان ڕێسای ڕەچاو کردووە. لە ڕەشنووسە عەرەبییەکەی دەستووردا، کە ئۆرگینالەکەیە، ئەندامی پەرلەمان نێرە، سەرۆکی وەزیران نێرە، سەرۆکی کۆمار نێرە و هەر چی پۆستێکی دیکەی گرنگ کە شیاوی ئەوەیە دەستورر باسی لێوە بکات، هەر بە نسیبی نێر دەبێت. ئاخۆ ئەوە تەنیا ڕێکەوتە کە لەو سەد و سی و نۆ ماددەیەی دەستووری لێ پێک هاتووە، ماددەی (٦٦)، باسی مەرجەکانی خۆپالاوتن بۆ (سەرکۆمار) دەکات؟ بە گوێرەی هەر چوار بەندەکەی ئەو ماددەیە، چونکە لە عەرەبیدا نێر و مێ هەیە، سەرکۆمار دەبێت، پیاو بێت!

دێڕی یەکەمی ماددەی یەکەمی پەیماننامەی کۆمکاری دەوڵەتە عەرەبییەکان دەڵێت: (کۆمکاری دەوڵەتە عەرەبییەکان لەو دەوڵەتە (عەرەبی)یە سەربەخۆیانە پێک هاتووە کە ئەم پەیماننامەیەیان ئیمزا کردووە.)(١)

کەواتە (وابەستەبوونی عێراق بەو پەیماننامەیەوە،) کە بۆ ماددەی سێی ڕەشنووسی دەستووری عێراق زیاد کراوە، یەکسانە بەوەی عێراق دەوڵەتێکی عەرەبییە، نەک دەوڵەتێکی فرەنەتەوە. ئاخۆ قایلبوونی نوێنەرانی کورد بەو گۆڕانکارییە، دەکەوێتە خانەی دانوستان، یان ناپاکییەوە؟

ماددەی حەوتی پەیماننامەی کۆمکاری دەوڵەتە عەرەبییەکان دەڵێت: (ئەوی ئەنجوومەنی کۆمکار بە کۆی دەنگ بڕیاری بدات، پێویستە هەموو ئەندامانی کۆمکار جێبەجێ بکەن.) واتا: ئەگەر سبەی کۆنگرەیەکی لوتکەی کۆمکار، بە کۆی دەنگ جەنگی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەڵگیرساند، هەرێمی کوردستانیش چونکە بەشێکە لە دەوڵەتێکی عەرەبی، دەبێتە بەشێک لەو جەنگە.

هەموو ئومێدی سەرانی کورد بەم دوو ڕستەیەوە بەندە:

(گەلی عێراق بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، ئازادانە و بە ویستی خۆی بڕیاری یەکگرتنی داوە.

وابەستەبوون بەم دەستوورەوە یەکگرتنی ئازادانەی گەل و خاک و سەروەریی عێراق دەپارێزێت.)

(١) هیچ کام لەو دوو ڕستەیە نە ماددەیەکن لە دەستوور، نە بەندێکن لە ماددەیەکی دەستوور، بەڵکوو لە دیباجەی دەستوورەکەدا هاتوون!

(٢) عێراق لە یەک گەل پێک نەهاتووە، بۆیە گەلانی عێراق ڕاستە، نەک گەلی عێراق،

(٣) لەو دوو ڕستەیەدا، هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەوە نییە کە عێراق لە دوو هەرێم، عەرەبستان و کوردستان پێک هاتووە.

(٤) لەو دوو ڕستەیەدا، هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەوە نییە کە عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی، عەرەب و کورد،

پێک هاتووه.

(٥) به گوێرەی لێکدانەوەی نوێنەرانی کورد، ڕستەی یەکەم بە مانای یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی نێوان کورد و عەرەب، دێت و ڕستەی دوومیش، مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کورد بەرجەستە دەکات! کە ئەم لێکدانەوەیە لە باشترین حاڵەتدا، خۆ فریودانە، ئاخر ئەو دوو ڕستەیە، ئەگەر دەیان لێکدانەوە هەڵبگرن، هیچیان ئەو لێکدانەوەیە نابن، کە نوێنەرانی کورد بانگەشەی بۆ دەکەن.

(٦) چونکە عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی و دوو هەرێم پێک دێت، دەبوو لەو دوو ڕستەیەدا بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ باسێک لە (کورد) و لە (کوردستان) هەبێت.

(٧) دەبوو نوێنەرانی کورد، ماددەیەکی لەم جۆرە لە دەستووردا بچەسپێنن:

(گەلی کوردستان کە هەنووکە ئارەزوومەندانە بڕیاری داوە لەگەڵ گەلی عەرەبدا پێکەوە لە عێراقدا بژی، هەر وەختێک بخوازێت، مافی جیابوونەوەی هەیە.)

سەرانی کورد هێندە نەرم و نیانن، مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردستان لە کنیان، کێشەیەکی هێندە کەمبایەخە، ڕیش(سپی)یەکی وەک عەدنان دلیمی کە سەری لە گۆڕی قەبر دەلەرزێت، بە سدارەیەکی (ڕەش)ی سەردەمی عوسمانی و بە فیکرێکی قۆناغی جاهیلییەوە دێت و لە هەولێری پێتەختی (کوردایەتی)دا دەڵێت: دەست لە (عورووبە)ی عێراق هەڵناگرین. کە تاڵەبانی لە واشینگتۆن بڵێت: (ئێمە دەوڵەتێکی عەرەبیین، لە دامەزرێنەرانی کۆمکاری دەوڵەتە عەرەبییەکانین و بڕیارەکانی هەموو کۆنگرەکانی جێبەجێ دەکەین،)(٢) کە ئەو سەرکردە کوردە، عێراق بە دەوڵەتێکی عەرەبی لە قەڵەم بدات، ئیدی دەبێت چاوەڕێی ئەوەش لە دلیمی بکەین، لەسەر بەڕەکەی خۆمان، کوردستان بە بەشێک لە عەرەبستان نێوزەد بکات.

میسر ناوی: کۆماری عەرەبیی میسرە، شام ناوی: کۆماری عەرەبیی سووریایە و ئێران ناوی: کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، بە گوێرەی ماددەی (٢) و (٣) ڕەشنووسی دەستوور، دەبوو عێراقیش ناوی (کۆماری عەرەبیی ئیسلامیی عێراق) بووایە. دەستووری کاتیی ساڵی ١٩٥٨ دەڵێت: (عێراق نیشتمانی عەرەب و کوردە، ئەم دەستوورە مافە نەتەوەییەکانی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا، دەسەلمێنێت.)(٣) جێی داخ و حەسرەتە، بە هەموو نوێنەرانی کورد، دوو ڕستەی هێندە بەهێزیان، لە ڕەشنووسی دەستووری عێراقی نوێدا نەچەسپاندووە.

2005. 09. 11

(١) www.arableagueonline.org الجامعه العربيه، وثائق، وثائق رسميه خاصه بالجامعه، ميثاق الجامعه.

(٢) طالباني يحل ضيفا على منتدى إسرائيلي و يؤكد إلتزام العراق بالإجماع العربي. الشرق الاوسط/ الأخبار ٢٠٠٥/٩/١١

(نحن دوله عربيه، كنا من مؤسسي الجامعه العربيه و نلتزم بالمقررات الصادره عن مؤتمرات القمه العربيه.)

(٣) www.iraqidustour.com ارشيف الدستور العراقي، الدستور المؤقت لعام ١٩٥٨ الماده (٣)